# وانەی ٦٢: مەسیح لەدایک بوو

لۆقا ٢ و مەتا ٢

لە وانەی ڕابردووماندا و لە دیراسەتمان لە ئینجیلی پیرۆز، بینیمان چۆن خودا جبرائیلی فریشتەی خۆی نارد بۆ خاکی فەلەستین و بۆ شاری ناسیرا بۆ لای پاکیزەیەك بە ناوی مریەم. فریشتەکە بۆ ئەو پاکیزەیە بە دەرکەوت بۆ ئەوەی پێی ڕابگەیێنیٚ کە سکی پڕ دەبێت بە هێز و ڕوحی خودا، و کوڕێکی دەبێت و ناوی لیٚ دەنیٚ عیسا. ناوی عیسا مانای (خودا ڕزگاردەکات). ڕزگاری دەرەکە، کەوا خودا بەڵێنی هاتنی دابوو لەو ڕۆژەی ئادەم و حەوا گوناهیان کرد، لە منداڵانی پاکیزەیەك بوو و نزیك بوو بێتە جیهان!

وانەی ئەمڕۆمان بە ناوی (مەسیح لەدایك بوو!) پێش ئەوەی بگەڕێنەوە ئینجیل بۆ ئەوەی ببینین چۆن مەسیح لەدایك بوو، با وەسفی ئەو کاتە بکەین ئەو لێی لەدایك بوو. پاشای ڕۆم، قەیسەر ئۆگۆستس، فەرمان ڕەوایی دەکرد بەسەر زۆر وڵاتدا بە خاکی جولەکەشەوە. بەڵام، شانشینی ڕۆم ناتوانیٚ پلانی خودا بۆ ناردنی ڕزگاری دەرەکە بۆ جیهان ڕابگریٚ. لە ڕاستیدا، خودا پلانی دانا کە ڕۆمەکان بەکار بێنێت بۆ جیٚ بە جیٚ کردنی ووشەکانی پێغەمبەران.

ووشەکانی پێغەمبەر میخات لەبیرە کە حەفت سەد ساڵ پێش مەسیح هات؟ میخا ڕایگەیاند کە مەسیح لە **بێتلەحم** لەدایك دەبێت، شاری پاشا داود. بەڵام، مەریەم کە عیسای دەبیٚ، لە **بێتلەحم** نەدەژیا، بەڵکو لە ناسیرا، شارێکە نزیکە سەد و پەنجا کیلۆ مەتر لە **بێتلەحم** دوورە. ئەی چۆن مەسیح لە **بێتلەحم** لەدایك دەبێت؟

ئای برادەران، وەك دەزانن کە هیچ شتێك ئەستەم نیە بەرامبەر پەروەردگار خودا! ئەو خودایە و خاوەن دوایەمین ووشەیە سەبارەت بە هەموو شتێك کە ڕوو دەدات لەسەر زەوی. هەموو شتێك دەزانی کە بەرەو ڕوودانە. ئەمڕۆ ئەوە دەخوێنینەوە کە کاتی منداڵ بوونی مەریەم نزیك بووەوە، پاشای گەورەی ڕۆم فەرمانێکی دەر کرد کە دەڵێت: (با هەموو پیاو و ژنێك بچن بۆ شاری باووباپیرانی بۆ ناو تۆمار کردن لەویٚ و دانی باج!) ئەمە مانای ئەوە بوو کە مەریەم و یوسف دەبوایە بچنە **بێتلەحم**، شاری پاشا داود **چونکە لە بنەماڵە و تیرەی داود بوو.** ئێستاش با بگەڕێنەوە ئینجیلی لۆقا بەشی دووەم، و بخوێنین چۆن عیسای مەسیح لەدایك بوو لە **لەبێتلەحم**، هەروەك چۆن خودا بەڵێنی دابوو زۆر لەوە پێش.

نووسراوی پیرۆز دەفەرمویٚ: (لۆقا ٢) [١] لەو ڕۆژانەدا لە ئۆگستۆس قەیسەرەوە فەرمانێک دەرچوو، کە هەموو جیهان ناونووس بکرێت... [٣] ئیتر هەریەکە بۆ ناونووسین دەچووە شاری خۆی. [٤] یوسفیش لە جەلیل لە شاری ناسیرەوە بەرەو یەهودیا سەرکەوت، بۆ شارەکەی داود کە پێی دەووترێ بێتلەحم، چونکە لە بنەماڵە و تیرەی داود بوو، [٥] تاکو لەگەڵ مریەم ناونووس بکرێن کە مارەبڕی بوو و سکی هەبوو. [٦] کاتێک لەویٚ بوون، کاتی منداڵبوونی هات. [٧] جا کوڕە نۆبەرەکەی بوو، قۆنداغی کرد و لە ئاخوڕێکدا دایناو، چونکە لە خانەکەدا شوێنیان نەبوو.

لێرە دەبێت ڕاوەستین. ئاگات لێیە لە چ بارودۆخێك مەسیح لەدایك بوو؟ مەسیح وەك لادێی لەدایك بوو، لە بارودۆخێکی خراپدا. لە ئاخوڕێکی ئاژەڵ لەدایك بوو، لەبەر ئەوەی **لەبێتلەحم** لەخانەکەدا شوێنیان نەبوو. ئەو کەسەی کە دەبووە ڕزگاری دەر و دادوەری جیهان لە ئاخوڕێکی بۆندار لەدایك بوو! ڕەنگە کەسانێك پێیان وابیٚ: (ئەمە سەیرە! ئەگەر عیسا ڕزگاری دەری جیهان بێت و پەروەردگاری شکۆ بێت کەوا دادوەری هەموو نەوەکانی ئادەم دەکات، بۆچی لە کۆشکێك لەدایك نەبوو بە شکۆمەندیەکی مەزنەوە، تاکو هەموو کەس بزانێت کە ئەو پاشای پاشایانە و پەروەردگاری پەروەردگارانە؟)

برادەران، دەبێت ئەم شتەمان لەبیر بێت: بیروبۆچونی خودا جیاوازە لە بیروبۆچونی مرۆڤ، و شکۆمەندی خودا جیاوازە لە شکۆمەندی جیهان. بیٚ گوومان، لەدایك بوونی عیسا شکۆمەندی مەزنی لەگەڵ بوو، بەڵام زۆربەی نەوەکانی ئادەم نایزانن، لەبەر ئەوەی

شکۆمەندی خودا شکۆمەندی جیهان زۆر جیاوازن.

بۆ ئەوەی ڕوونی بکەینەوە، لەوانەیە خەڵکی دەوڵەمەندتان دیتبێت کە لە خانووی گەورە و جوان دەژین، و جل وبەرگی گران بەها لەبەر دەکەن و ژیان بە خۆشی ڕادەبوێرن و خزمەتکاریان هەیە کە هەموو حەزەکانیان دێننە دی. ئەمە شکۆمەندی جیهانە. بەڵام شکۆمەندی خودا جیاوازە لە شکۆمەندی جیهان. بۆیە مەسیح کە لە ئامادەیی خوداوە هات، لە شوێنێکی خۆش و دلگیردا لەدایك نەبوو. وەك زۆربەی دەوڵەمەندان نەبوو کە لە ئازار و مەینەتییەکانی هەژاران تێ ناگەن. نەخێر. ئەو کەسەی خودا ناردی بۆ ئەوەی نەوەکانی ئادەم ڕزگار بکات لە هێزی شەیتان و گوناه لە بارودۆخێکی نزم لەدایك بوو، تەنانەت لە ئاخوڕ! بۆیە، کەس ناتوانێ بڵێ کە مەسیح هات تەنها بۆ ئەوەی دەوڵەمەند ڕزگار بکات، یاخود بڵێن کە لە هەستی هەژاران تێ ناگات. خودا دەیەوێ هەموو کەس بزانێ کە ئەو ڕزگاری دەرەوەی ناردی بۆ جیهان بۆ ڕزگار کردنی هەموو کەسێك کە باوەڕی پێی هەیە — پیر و گەنج، پیاو و ژن، دەوڵەمەند و هەژار، ئازاد و بەندە. بۆیە نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: چونکە نیعمەتی عیسای مەسیحی خوداوەندمان دەزانن، هەرچەندە دەوڵەمەندە، لە پێناوی ئێوەدا بووە هەژار، تا ئێوە بە هەژاری ئەو دەوڵەمەند بن! (٢ کۆرنسۆس ٨: ٩) مەسیح تاکە کەسە کەوا هەڵبژارد لەدایك بێت. و هەڵیبژارد وەك پیاوێکی هەژار لەدایك بێت!

ئێستاش بابەردەوام بین لە چیرۆکی لەدایك بوونی مەسیح و خۆشترین بەش بخوێنینەوە. لەو شەوەی کە عیسا لە ئاخوڕەکە لەدایك بوو، خودا فریشتەکانی خۆی نارد بۆ هەندێ شوان کەوا شوانی مێگەلەکانی خۆیان دەکرد لە کێڵگەکانی دەوروپشتی **بێتلەحم**. بخوێنەوە خودا چۆن مزگێنی پێان دا سەبارەت بە لەدایك بوونی مەسیح.

نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (لۆقا ٢) [8] لەو ناوچەیە شوان هەبوون لە دەشت دەمانەوە و شەوان ئێشکیان لە مێگەلەکەیان دەگرت. [9] فریشتەیەکی خوداوەند بۆیان دەرکەوت و شکۆی خوداوەند لە دەوریان درەوشایەوە، جا ترسێکی زۆر ترسان. [10] فریشتەکە پێیووتن: (مەترسن، ئەوا موژدەی خۆشییەکی گەورەتان دەدەمێ کە بۆ هەموو گەلە. [11] ئەمڕۆ لە شاری داود ڕزگارکەرێکتان بۆ لەدایک بووە، ئەویش مەسیحە، خوداوەندە. [12] ئەمەش نیشانەیە بۆتان، مەلۆتکەیەک دەبینن لەناو ئاخوڕێک دانراوە.) [13] لە پڕێکدا لەگەڵ فریشتەکە لەشکرێکی گەورەی ئاسمانی دەرکەوت و ستایشی خودایان دەکرد و دەیانووت: [14] (شکۆ بۆ خودا لە بەرزایی، لەسەر زەویش ئاشتی بۆ ئەوانەی جێی ڕەزامەندی ئەون.)

[15] کاتێ فریشتەکان بەرەو ئاسمان بەجێیان هێشتن، شوانەکان بە یەکتریان وت: (دەی با بڕۆینە بێتلەحم و ئەم شتەی ڕوویداوە ببینین کە خوداوەند پێی ڕاگەیاندین.) [16] خێرا هاتن و مریەم و یوسف و ئەو مەلۆتکەیەی لە ئاخوڕەکەدا دانرابوو دۆزییانەوە. [17] کاتێ بینییان، ئەو قسەیەیان بڵاو کردەوە کە دەربارەی ئەم منداڵە پێیان وترابوو... [20] شوانەکان گەڕانەوە و خودایان شکۆدار دەکرد و ستایشیان دەکرد لە پێناوی هەموو ئەوەی بیستیان و بینییان، وەک پێیان وترابوو. ئامین.

خودا یەکەم جار مزگێنی خۆشی بەکێ دا دەربارەی لەدایك بوونی مەسیح؟ ئایا مزگێنیە خۆشەکەی دا بە پاشای ڕۆم، یان بە دەوڵەمەکان، یان بە سەرکردە ئایینیەکان؟ نەخێر، خودا یەکەم جار هەواڵی لەدایك بوونی مەسیح دا بە لادێیەکان، بۆ شوانە بێ فیزەکان کەوا چاوەڕوانی هاتنی ئەو بوون! چەن دڵ خۆش بوون شوانەکان بە تەماشا کردنی عیسای کۆرپە! چ ئیمتیازێك بوو! ئەو کەسەیان بینی کە هەموو پێغەمبەران دەربارەیان نووسی بوو: مەسیح، ڕزگاری دەری جیهان، ووشەی تاهەتایی خودا لەناو جەستەیەکی بچووکی منداڵێك!

بەردەوامین لە ئینجیل، با تەماشا بکەین چی ڕووی دا پاش ساڵێك لە لەدایك بوونی عیسا. ئێستا گوێمان لێ بوو چۆن خودا هەواڵی لەدایك بوونی عیسای ڕاگەیاند بەچەن شوانێك بە بەکار هێنانی فریشتەکانی کەوا لە ئاسمان بە دەرکەوتن. ئێستاش دەخوێنین خودا چۆن لەدایك بوونی مەسیحی بەچەن زانایەك ڕاگەیاند بە ئەستێرەیەکی گەورە و جوان کەوا لە ئاسمان بە دەر کەوت. بزانە لە ئینجیلی

مەتا چی نووسراوە، بەشی دوو.

نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مەتا ٢) [١] دوای لەدایکبوونی عیسا لە بێتلەحمی یەهودیا، لە سەردەمی شا هێرۆدس، هەندێک مۆغ لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتنە ئۆرشەلیم، [٢] پرسییان: (کوا ئەوەی لەدایک بووە کە پاشای جولەکەیە؟ لە ڕۆژهەڵاتەوە ئەستێرەی ئەومان بینی، هاتووین کڕنۆشی بۆ ببەین.) [٣] کاتێ شا هێرۆدس ئەمەی بیست، پەشۆکا و هەموو خەڵکی ئۆرشەلیم لەگەڵی پەشۆکان. [٤] هەموو کاهینانی باڵا و مامۆستایانی تەوراتی گەلی کۆکردەوە، لێی پرسین: (مەسیح لەکوێ لە دایک دەبێت؟) [٥] وەڵامیان دایەوە: (لە بێتلەحمی یەهودیا، چونکە پێغەمبەرەکە ئاوای نووسیوە: [٦] {بەڵام تۆ ئەی بێتلەحمی خاکی یەهودا کەمتر نیت لە فەرمانڕەواکانی یەهودا، چونکە لە تۆوە فەرمانڕەوایەک دەردەچێت، شوانایەتی گەلی ئیسرائیلم دەکات.}) [٧] هێرۆدسیش بە نهێنی مۆغەکانی بانگ‌کرد و لەبارەی کاتی دەرکەوتنی ئەستێرەکە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردن. [٨] ئینجا بۆ بێتلەحمی ناردن و پێیووتن: (بڕۆن و بە وردی بەدوای منداڵەکەدا بگەڕێن. کاتێ دۆزیتانەوە هەواڵم بدەنێ، تاکو منیش بێم و کڕنۆشی بۆ ببەم.)

[٩] دوای ئەوەی گوێبیستی پاشا بوون، ڕۆیشتن، ئەستێرەکەی لە ڕۆژهەڵات بینیبوویان، پێشیان کەوت تاکو لەسەر ئەو شوێنەی منداڵەکەی لێبوو ڕاوەستا. [١٠] بە بینینی ئەستێرەکە زۆر شادومان بوون، [١١] چوونە ماڵەکە، منداڵەکەیان لەگەڵ مریەمی دایکی بینی، دانەوین و کڕنۆشیان بۆ برد و گەنجینەکانیان کردەوە، زێڕ و بخوور و موڕیان بە دیاری پێشکەش کرد. [١٢] ئینجا لە خەونێدا ئاگادار کرانەوە کە نەگەڕێنەوە لای هێرۆدس، ئەوانیش بە ڕێگایەکی دیکە گەڕانەوە وڵاتی خۆیان.

ئەوە بە کورتی چیرۆکی لەدایك بوونی مەسیحە. دەتوانین چی بڵێین دەربارەی هەموو ئەوەی خوێندمان بوو؟ تەنها یەك شت هەیە کە بتوانین بەبێ گومان بیڵێین ئەوەیە کە لەدایك بوونی عیسای مەسیح تاکی نیە لە مێژووی جیهان! لەنێوان هەموو پێغەمبەران و پاشایان و خەڵکی جیهاندا، کەس بەو شێوەیەی عیسا لەدایك نەبووە!

ئەمڕۆ بینیمان کە مەسیح لە پاکیزەیەك لەدایك بوو، بە هێزی خودا و هەروەك ئەوەی پێغەمبەران پێش بینیان کرد. خوێندمان کە عیسا لە شاری **بێتلەحمی** لەدایك بوو، هەروەك چۆن پێغەمبەر میخا پێش حەفت سەد ساڵ ڕایگەیاند. هەروەها بینیمان چۆن خودا فریشتەی خۆی و شکۆیەکی درەوشاوی بەهشتی بۆ چەن شوانیك نارد تاکو مزگێنیە خۆشەکەیان پێ ڕابگەێنێ، و فەرمووی: (موژدەی خۆشییەکی گەورەتان دەدەمێ کە بۆ هەموو گەلە. ئەمڕۆ لە شاری داود ڕزگارکەرێکتان بۆ لەدایک بوو، ئەویش مەسیحە، خوداوەندە.) پاشان بینیمان کۆمەڵە فریشتەیەك بەدەر کەوتن لەگەڵ فریشتەکەی یەکەم و ستایشی خودایان دەکرد و دەیان ووت، (شکۆ بۆ خودا لە بەرزایی، لەسەر زەویش ئاشتی بۆ ئەوانەی جێی ڕەزامەندی ئەون.) هەروەها بینیمان خودا ئەستێرەیەکی مەزنی ڕاگرت لە ئاسمان بۆ چەن پیاوکی دانا کەوا لە خاکێکی دوور دەژیان، کەوا مەسیح، پاشای پاشایان، ڕزگاری دەری گوناهباران لەدایك بوو!

برادەران، ئێمە دەتوانین چی بڵێین دەربارەی ئەم هەموو شتە؟ دەتوانین بڵێین: هیچ پیاوێك وەك ئەم پیاوە لەدایك نەبووە. لەدایك بوونی عیسا تاکە. سەبارەت بە لەدایك بوونی، عیسا بەراورد ناکرێ! ناتوانین بەراوردی بکەین لەگەڵ کەسانی تر. عیسا زۆر لە پێغەمبەر زیاتر بوو. ئەو ئەو کەسەیە کە هەموو پێغەمبەران باسیان لێوە کرد. ئەو مەسیحە لە ئاسمانەوە هاتووە!

ئەگەر عیسا تەنها پێغەمبەرێك بوایە لەنێوان پێغەمبەران، بۆچی هەموو پێغەمبەران هەواڵی هاتنیان ڕاگەیاند پێش لەدایك بوونی؟ بۆچی فریشتەکان لە ئاسمانەوە دابەزین تاکو ئاهەنگ بگێڕن لەبەر لەدایك بوونی؟ ئەگەر عیسا تەنها پێغەمبەرێك بوایە لەنێوان پێغەمبەران، ئەی بۆچی خودا ئەستێرەیەکی مەزنی لە ئاسمان ڕاگرت تاکو بانگەوازی لەدایك بوونی بکات؟ و لەبەر چ هۆیەك بوو ئەو لە پاکیزەیەك لەدایك بوو؟ دەبا تۆش بەوریایی بیر لەم پرسیارە گرنگانە بکەیتەوە.

بۆ وانەی داهاتوو دەبینین چۆن عیسای مەسیح دەستی بە خزمەت کرد لەسەر زەوی.

خودا بەرەکەتدارتان بکات کاتێ سەرنجی پەیامی فریشتەکان بۆ شوانەکان دەدەن:

**(مەترسن، ئەوا موژدەی خۆشییەکی گەورەتان دەدەمێ کە بۆ هەموو گەلە. ئەمڕۆ لە شاری داود ڕزگارکەرێکتان بۆ لەدایک بوو، ئەویش مەسیحە، خوداوەندە.)** **(لۆقا ٢: ١٠، ١١)**



## گرنگترینی پرسیارەكانی ئەم وانەیە:

١. ووشەكانی پێغەمبەر میخات لەبیرە كە حەفت سەد ساڵ پێش مەسیح هات؟

٢. ئەی چۆن مەسیح لە **بێتلەحم** لەدایك دەبێت؟

٣. ئاگات لێیە لە چ بارودۆخێك مەسیح لەدایك بوو؟

٤. ئەگەر عیسا ڕزگاری دەری جیهان بێت و پەروەردگاری شكۆ بێت كەوا دادوەری هەموو نەوەكانی ئادەم دەكات، بۆچی لە كۆشكێك لەدایك نەبوو بە شكۆمەندیەكی مەزنەوە، تاكو هەموو كەس بزانێت كە ئەو پاشای پاشایانە و پەروەردگاری پەروەردگارانە؟

٥. خودا یەكەم جار مزگێنی خۆشی بە كێ دا دەربارەی لەدایك بوونی مەسیح؟ ئایا مزگێنیە خۆشەكەی دا بە پاشای ڕۆم، یان بە دەوڵەمەكان، یان بە سەركردە ئایینیەكان؟

٦. برادەران، ئێمە دەتوانین چی بڵێین دەربارەی ئەم هەموو شتە؟

٧. ئەگەر عیسا تەنها پێغەمبەرێك بوایە لەنێوان پێغەمبەران، بۆچی هەموو پێغەمبەران هەواڵی هاتنیان ڕاگەیاند پێش لەدایك بوونی؟

٨. بۆچی فریشتەكان لە ئاسمانەوە دابەزین تاكو ئاهەنگ بگێڕن لەبەر لەدایك بوونی؟

٩. ئەگەر عیسا تەنها پێغەمبەرێك بوایە لەنێوان پێغەمبەران، ئەی بۆچی خودا ئەستێرەیەكی مەزنی لە ئاسمان ڕاگرت تاكو بانگەوازی لەدایك بوونی بكات؟

١٠. لەبەر چ هۆیەك بوو ئەو لە پاكیزەیەك لەدایك بوو؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی؛**
**وەرزی خوێندنەوەی كتێبی پیرۆز**
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش كراوەتە.
**بەرهەم هێنەر: كۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی**
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org